Region Västmanland

کوردی سۆرانی

# قەرزکردنی ئامرازی یارمەتی

ئەم ئامرازی یارمەتیە لە هرێمی ڤەستەرمانلاند قەرز دەکرێ. دەبێ بیگەرێنیتەوە ئەگەر پێویستیت پێ نەما.

دەتوانی ئامرازی یارمەتیەکە بگەرێنیتەوە بۆ:

- خەستەخانەکانی پارێزگاکە
- ناوەندی خۆشکردنەوە
- ناوەندی ئامرازی یارمەتی
- ئەو لایەنە کە ئامرازەکەی بۆ نووسیوی

نابێ ئامرازی یارمەتیەکە بدەی بە کەسێکیتر چونکە تایبەت نووسراوە و دیزاین کراوە بۆ تۆ.

***ئاگاداری لە ئامرازی یارمەتیی دیزاین کراو***

دەبێ باش ئاگات لە ئامرازی یارمەتیەکە بێت و بەپێی ئەو رێنماییەی لەگەلیەتی، پاکوخاوێن بکەی. چاککردنەوە و سێرڤس لەسەر قەرزەکەیە. ئەگەر ئامرازی یارمەتیەکە پێویستیی بە چاککردنەوە بوو، پەیوەندی بکە بە ناوەندی ئامرازی یارمەتیەوە - خزمەتە ئەلکترۆنیەکەمان بەکار بهێنە لەسەر 1177.se/hjalpmedel-vastmanland یان زەنگ لێدە بۆ 021-17 30 48. دەبێ ئامرازی یارمەتیەکە بە شێوەیەکی دروست بپارێزرێ تا زیانی لێ نەکەوێت. ئامرازی یارمەتیەکە پاک وخاوێن بگەرێنەوە کاتێک پێویستیت پێ نەما.

دەبێ ئاگاداری پۆلیس بکەی ئەگەر ئامرازەکە دزرا و پاشان پەیوەندی بکە بە ناوەندی ئامرازی یارمەتی.

ناونیشانی ناوەندی ئامرازی یارمەتی:

Hjälpmedelscentrum, Signalistgatan 2, Västerås

خدمەتی مشەری: 021-17 30 48

دووشەممە-چوارشەممە 8–16.30, پێنجشەممە 8–18, هەینی 8–16(کاتژمێر 7-8 تەنها بۆ رادەست و وەرگرتنی ئامرازی یارمەتی)